وەزارەتی نەوت داهاتی نەوتی مانگی رابردووی بڵاوکردەوە

ئەمڕۆ سێشەمە، وەزارەتی نەوت، ئاماری کۆتایی هەناردەی نەوت و داهاتەکانی بۆ مانگی تەممووزی رابردوو بڵاو کردەوە و راشیگەیاند کە زیاتر لە حەوت ملیار دۆلار بووە.

وەزارەتی نەوت لە راگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە " بەپێی ئامارێکی کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی عێراق "سۆمۆ"، کە گشتیی هەناردەی نەوتی خاو لە مانگی تەممووزدا گەیشتووەتە ١٠٤ ملیۆن و ٧٥٠ هەزار و ٧٨٨ بەرمیل، کە داهاتەکەی زیاتر لە حەوت ملیار و ١٨٤ ملیۆن و ٤٤٩ هەزار دۆلار بووە.

ئاماژەکە ئەوەشی خستووەتەڕوو کە ١٠٤ ملیۆن و ٢٥٥ هەزار و ١٤٣ بەرمیلی لە کێڵگەی نەوتییەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقەوە بووە، هاوکات ٤٩٥ هەزار و ٦٤٥ بەرمیلیشی لە کێڵگەی قەیارەوە هەناردە کراوە و بەپێی ئاماژەکان مانگی رابردوو، هیچ نەوتێك بۆ ئوردن هەناردە نەکراوە.